**بەش : جوگرافیا**

**کۆلێژ: ئاداب**

**زانکۆ: زانکۆی سەلاحەددین**

**بابەت: جوگرافیای کوردستان**

**پەرتووکی کۆرس – کۆرسی دووە م**

**ناوی مامۆستا : لوزان حسن عبدالرحمن**

**ساڵی خوێندن: 2023-2024**

# پەرتووکی کۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | پلان دانانی هەرێمی |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | لوزان حسن عبدالرحمن |
| 3. بەش/ کۆلێژ | جوگرافیا – ئاداب |
| 4. پەیوەندی | Lozan.abdulrahman@su.edu.krd |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری – 3 |
| 6. ژمارەی کارکردن | 6 کاتژمێر |
| 7. کۆدی کۆرس | 1 |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | لوزان حسن عبدالرحمن<br>- هەلگری بروانامەی ماستەر لە جوگرافیای مرۆیی(جوگرافیای شار)<br>-مامۆستای یاریدەدەر لەبەشی جوگرافیای کۆلیژی ئاداب. |
| 9. وشە سەرەکیەکان | زاراوەکانی(جوگرافیای کوردستان –هەریم وشوێن وسنوورو رووبەروبەرزی ونزمی) |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

- بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی خوێندنی کۆرسی یەکەمی سالی(2023–2024) تیشك دەخەینە سەر تایبەتمەندیەسروشتی ومرۆیەکانی هەرێمی کوردستان زاراوەی کوردستان و سەرەتای سەرهەلدانی زاراوەکەو دیاریکردنی سنووسەبارەت بەوولاتە دراوسێکانی ودیاریکردنی سنووری ئاوی ووشکانی.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

1. شارەزا بوونی قوتابی لە یەكێك لە لقەكانی جوگرافیای مرۆیی لە زانستی جوگرافیائەویش کوردستانە.
2. شارەزا بوونی قوتابی لە چەمك و مانای جوگرافیای کوردستان و سەرهەڵدانی و گەشەکردنی .
3. ئاشنابوونە یان زانیاری پێدانی قوتابیە سەبارەت بەبنەما سروشتی و مرۆییەکانی هەرێمی کوردستان

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

1-ئامادەبوونی قوتابی لە پۆل بەتایبەت ئەوانەی کە پیویستە ئامادەبن قوتابیانی ناو شار.
2 – ئامادەبوون بۆ وەرگرتنی وانەکە بە شێوەی (ئەلکترۆنی) یا (ئۆنلاین):گرنگە قوتابی بایەخ بە بابەتەکە بدات .
3– پێویستە لەسەر قوتابی هەوڵبدات بۆ خوێندنەوەو ئامادەبوون بۆ هەر پرسیارێک کە رووبەڕووی دەکرێتەوە لە ماوەی وانە وتنەوەدا.
4 – دەرچوون لە تاقیکردنەوە.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

1-ریگای گفتۆگۆ لەنیوان مامۆستا و قوتابی لە ناو وانە لە پۆل.

2-بەکار هینانی تەختە و داتاشۆ.

3-بەکار هینانی شێوە و وێنە.

4- ئامادەکردنی وانەکان بە شێوەی (ppt) و شێوەی تۆمارکراو، بەکارهێنانی گرتەی ڕوونکاری زانستی (وێنە)،ڤیدیۆی تایبەت بۆ تێگەیشتنی زیاتری قوتابی.
5- شێوازی (ئۆنلاین) کە لە ڕێگەی ئامادەبوونی قوتابیان ڕاستەوخۆ بە شێوەی گرووپ بەبەکارهێنانی یەکێک لە بەرنامەکانی وەک (zoom) ئەنجام دەدرێت.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

1 – بەشدار بوون لە وانەکانی رۆژانە
4 – تاقیکردنەوە کویز و مانگانە و کۆتای.
3 – ئامادە بوون لە وانە کانی ئۆنلاین.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

لە کۆتای تەواو کردنی بابەتەکە قوتابی ئەمانەی فێرببێت:
قوتابی زانیاریەکی باشی لەلا کۆکردبێتە لەماوەی کۆرسەکەلەسەر ئەو بابەتی خویندویتەی لە سەر هەرێمی کوردستان و بەتایبەت دەربارەی ئەوەی ئایا هەرێمی کوردستان کایگەر و ڕۆلی چیە لە بەرەوپێش بردن و گەشەکردنی کەرتەکانی ئابووری بە ئاراستەیەکی باش و جێ بەجێ کردنی بەشێوەیەکی زانستی .

**16. لیستی سەرچاوە**


1. لیکولینەوەیەك لەجوکرافیای هەریمی کوردستان، هاوری یاسین ،محمدامین،چاپخانەی کارو،سلیمانی ،چاپی سیەم،2014.
2. جێوگرافیای هەرێمی کوردستانی عیراق، کتێبی سەنتەری برایەتی کۆمەلیك مامۆستای زانکۆ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، چاپی یەکەم ،1998.


**17. بابەتەکان**

**شوێن - سنوور - ڕووبەر**

**بەرزی و نزمی**

**ئاووهەوا**

**خاك**

**دەرامەتی ئاو**

**ڕووەکی سروشتی**

**دەرامەتەکانزاییەکان**

**دانیشتوان**

**پێکهاتەی کارگێڕی**

**کشتوکال**

**پیشەسازی**

**گەشت و گوزار**

| | |
|---|---|
| | 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) |
| | |

19. تاقیکردنەوەکان :

**پرسیار: پێناسەی ئەمانەی بکە(هەرێم- کوردستان – عیراق).**

1. **ئازادمحمدامین،لەکتیبەکەی دا(جغرافیە الامریکتین) وای بۆدەچی کەهەریم بەشێکەلەرووکاری زەوی کەدیاردەیەك یازیاترلەدیاردەیەکی جوگرافی تیادا لەیەك دەچن،ئەم لێکچوونەش بەئەندازەیەکەکاراکتەریك بەوبەشەی زەوی دەبەخشیت کەپێی دەناسرێتەوەو جیای دەکاتەوەلەگەڵ زەویەکانی دەوروبەری خۆی.**
2. **سەلجوقیەکان لە سالی(1159ز),(سەنجار)پاشا, (قەلای بەهار)**

**پایتەختی بوو لە باکوری خۆرئاوای هەمەدان بوو.ویلایەت خۆر ئاوا و خۆرهەلاتی چیای زاگرۆس پێك هاتبوو.**

3. **مارکۆپۆلۆ(1254ز□ 1323ز), گەریدەی ئیتالی بوو یەکەم کەس بوو ناوی کوردستانی هێناوە بە(کاردستان).**
4. **سەبارەت بەزاراوەی (عیراق) توێژەران بیروچۆنی جیاوازیان هەیە، لەرووی زمانی عربی واتە (نزمایی یان زەوی لێوار دەریا)،وبەمانی سامان وسەلتەنەت یان زۆرجار بەکارهاتووە بۆزەوی بەپێز وفەرکەلقی دارەکانیان تێك ئالۆسکاوە ، جگەلەوەی دانیشتوانی عیراقی کۆن ناوی یەکێك لەشارەگەورەکانیان نابوو (ارك) لەوانەئەم ناوە دواتربەکارهاتبی بۆهەمووولاتی عیراق ،یاخودبەمانی زەوی رەشیش دێت.**

**پرسیار:ێ تایبەتمەندیەکانی هەرێمی کوردستان ژمێرە باسیان بکە.**

5. **هەرێمی کوردستانی عێراق بریتیە لەو بەشەی کوردستان دەکەوێتە نێو سنووری دەولەتی عێراقی دوابەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی کە دروست بوو لە 1921ز.**
6. **لەرووی بەرزی و نزمیە بەرزترین ناوچەی عێراقە و بەرزیەکەی لە نێوان(200-3000م), بەشێوەیەکی گشتی تاوەکو لە باشووری رۆژئاوا بەئاراستەی باکوری رۆژهەلات برۆین بەرزیەکای زیاترە, روخساری رووی زەوی هەمەجۆرە(چیا و بان و گرد و دەشت و دۆل و نزمایی)تێدایە.**
7. **لەرووی ئاووهەواوە لە هەرێمەکانی تری عێراق جیادەکرێتەوە کە ئاووهەواکەی شێدار و نیمچە ووشکە,ئاووهەوای ناوچەکانی تری عێراق ووشك بیابانیە,(باران و پلەی گەرمی)جیاوازن.**
8. **بەهۆی زۆری دابارابن بەبەراورد بەبەشەکانی تری عێراق هەرێمی کوردستان دەولەمەندە بەسەرچاوەی ئاوی هەمەجۆر.**

**پ3 باسی ناوچەی شاخاوی پیچ خواردووی ساکاربکە؟**

9. **کەمتر کەوتوونەتە بەر جوولەی زەوی.**
10. **چامانەوەکەی سادەیە.**
11. **بەرزی لە نێوان (1000- 2100م).**
12. **بە ئاراستەی باکوری رۆژئاوا بۆ باشووری رۆژهەلات درێژدەبنەوە.**

13. بەشێوەیەکی تەریب لە پال یەکتر دەکشێن,دۆلی درێژ و ڕووچال و نارێك و پێك بوونی هەیە .

14. لەبارترە بۆ کشتوکال و نیشتەجێ بوون بەبەراورد بە ناوچەی ناوچە چیا پێچ ئالۆزەکان.

15. لە نێوان دۆلەکان نیشتەنی هەیە بۆتە هۆی دروست بوونی دەشتەکان کە بەدەشتی ناو شاخ دەناسرێت.

20. تێبینی تر

21. پێداچوونەوەی هاوەڵ